وەزارەتی دەرەوەی ئێران: ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان و عێراق ئاسایشی ئێمەیە

نیوەڕۆی ئەمڕۆ دووشەممە، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لێگەڵ مەجید تەخت ڕەوانچی، جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران و شاندێکی یاوەری کێبوویەوە.

لە کێبوونەوەیەکدا بەگوێرەی ڕاگەیاندراوێکی هاوبەشیان، هەردوولا جەختیان لە بەرەودان بە پێیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و فراوانکردنی هاریکاریی هاوبەشی نێوانیان لەو بوارانەدا کردەوە کە بە هەردوولا گرنگن، بەتایبەتی بواری ئابووری.

هەروەها دەربارەی بەڕێوەچوونی ڕێککەوتنی عێراق و ئێران بە پاراستنی ئاسایشی سنوورەکان و ڕێ و هاوکاریی هەرێمی کوردستان لەمبارەیەوە، بیروڕایان گۆڕییەوە.

نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان هەمیشە خوازیاری ئوومێد ڕێی ئارامی و سەقامگیری ببینێت لە ناوچەکەدا و بەهیچ شێوەیەک نابێتە سەرچاوەی هەڕەشەو ناسەقامگیری بە وڵاتانی دەورووبەر، هەروەها باسی لە گرنگیی پێیوەندیی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای دراوسێیەتیی باش و بەرژەوەندیی هاوبەش کرد.

سەرکایەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە، "تاوتوێکردنی دۆخی ناوچەکە بەگشتی و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هاوبەش، تەوەرێکی دیکەی کێبوونەوەکە بوو".

دوای کۆبوونەوەکەش، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران، لە لێدوانێکی هاوبەشی ڕۆژنامەوانیدا، باسیان لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە کرد، نێچیرڤان بارزانی لە کۆنگرێکدا گوتی: "بە گەرمی بۆخێرهاتنی بەڕێز ئاغای دکتۆر مەجید تەخت هەوانچی، جێگری وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەرێمی کوردستان دەکەم، جێخت لە گرنگیی پێیوەندیی مێژوویی‌مان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەینەوە کە لەسەر بنەمای دراوسێیەتیی باش و بەرژوەندیی هاوبەش دامەزراوە، کۆماری ئیسلامیی ئێران هەمیشە هاوبەشێکی گرنگ بووە بە هەرێمی کوردستان و بە عێراق، پێزانینی خۆمان بە پشتگیرییەکانیان لە قۆناغە جیاجیاکاندا دەردەبڕین و سوپاسیان دەکەین".

ئەم لە هەرێمی کوردستان بڕوامان وایە کە پێیوەندیی بەهێز و هاوسەنگ لەنێوان عێراق و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بە بەهێزکردنی سەقامگیریی ناوچەکە، زۆر پێویست و گرنگە، عێراق و هەرێمی کوردستان هەمیشە هەوڵ دەدەن پێیوەندییەک لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بە تایبەتی کۆماری ئیسلامی بنیات بنێن لەسەر بنەمای ڕێز و بەرژەوەندیی هاوبەش و هاوکاری لە هەموو بوارەکاندا، نێچیرڤان بارزانی وادەڵێت.

سەرۆکی کار بە درێژکراوی هەرێمی کوردستان دەشێت: جێخت لەسەر گرنگیی بەهێزکردنی هاوکاریی هاوبەشی ئێران لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەینەوە لەپێناو بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری و فراوانکردنی هاوکاریی هاوبەش لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا، لە بواری ئابووری و بازرگانی و فەرهەنگی و لە بواری ئەمنیدا.

لەم دیدارەدا جێختمان کردەتەوە لەسەر بەرەوپێشبردنی پێیوەندیی ئابووری لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا و دووپاتمان کردووەتەوە لە پابەندبوونی خۆمان لە چوارچێوەی ئەو میکانیزمەی کە دانراوە لەووی ئەمنییەوە کە یارمەتیدەر بێت بە ئەوەی بە هیچ شێوەیەك عێراق بەتایبەتی هەرێمی کوردستان نەبێتە سەرچاوەیەکی هەڕەشە بە ئاسایشی ئێران، دووبارە زۆر زۆر بە گەرمی بۆخێرهاتنی جێگری جێنابی وەزیری دەرەوەی ئێران دەکەین کە ئەمە یەکەم جاریەتی تەشریف دەهێنێت بە هەرێمی کوردستان، زۆر بە خێر بێیت بە سەر چاو.

دواتر جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران لە وتەیەکدا لە کۆنگرەکە گوتی: زۆر بواری باش ئەمە گفتوگۆمان لەسەر کرد وەک دوو وڵات، وڵاتانی دراوسێ عێراق و ئێران، هەروەک هامگیاند هاوبەشییەکی زۆرمان پێکەوە هەیە و لەگەڵ هەرێمی کوردستانیشدا بە هەمان شێوە هاوبەشییەکی زۆری کولتووری، ئایینی، زمانی، مێژوویی و شارستانیمان هەیە و هەموو ئەوانە هاوکاریمان دەکەن کە پێیوەندییەکانمان زیاتر لە جاران بەهێز بکەین، لە زۆر بواری جیاوازدا هاوکاریمان هەیە بەتایبەت لە بواری ئابووری و زۆر کاری دیکە دەتوانین ئەنجامی بدەین.

ئەمە لە گفتوگۆکانماندا لە هەولێر، بەتایبەتی باسمان لە پرسی ئابووری لێگە وەاتی دراوسە کرد، هەروەها بە شێوەیەکی سروشتی ئەمەش هەر لەم چوارچێوەیەدا کارکانمان بەردەوام دەبێت لە بواری گەشتیاری و ئەزموونی کار لەنێوان هەردوو حکوومەتدا، بواری زەر باش هەیە کە دەتوانین بەکاری بهێنین بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی گەلانی هەردوولا.

هەروەها بابەتی ئاسایش یەکێک لەو بابەتانە بوو کە گفتوگەمان لەسەر کردووە و بەدواداچوونی بە دەکەین و پەمانوایە ئاسایشی عەراق ئاسایشی ئەمەیە، ئاسایشی هەرەمی کوردستانی عەراق ئاسایشی ئەمەیە و دەبێت دەست بدەینە دەستی یەکتری و ئەو کەشە و گرفتانەی کە هەیە بتوانین چارەسەری بکەین.